کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

20-8-2007 16:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەپكێ لە بیرەوەرییە سوریالی یەكانم ... نەوزاد شێردڵ - بەشی یەكەم

((بە ئەزموونی موتاڵای فیکریی و پراکتیزەیی مەیدانیی مێژوو و لە حاڵەتی بە بن بەست گەییشتنی سەرجەمی دایەلۆگەکاندا، هەمیشە ڕاپەڕینی سپی و ئۆرگەنایزەی جەماوەریی باڵا ترین وەڵام بووە))

سەعاتێك یا زیاتر بوو کە لێرەو لەوێ درزێك، دوو درز، شەبەقێك دوو شەبەق، نەخێر کەلێنێك، ناو بە



ناو ئەکەوتنە ئەو بەربەستە کۆنکرێتیە ئێجگار ئەستوورەی کە بەعس ی ئومێد باریك بە سەرباز و هێزی تایبەتی و پاسەوانانی کۆشك و تۆپ و تانگ و زری پۆش و ڕاجیمە و تەواوی ئالیە داپڵۆسێنەرە ماتریال و ڕۆح لە بەرەکانی تری ژێر هەمبانەی جبە خانەکەی و لە سەر جوگرافیایەکی نیمچە بازنەیی قەبارە یەك کیلۆمەتریی داو چوون ئەگەرێکی قەدەریی بەرگریی و ڕاوەستاندنی لافاو و تۆفانە بێ ئامان و گرمە تۆقێنەرەکەی ئینتیفازەی بەهاری حەشر و تۆڵە بە دوو دەوری ڕاست و چەپی شاری کەرکوکی ناخ هەڵقرچاو و تینووی قومێك ئاوی ئازادییدا دایکوتابوو، ئا لەو ئان و شپرزەییە ی سەرە مەرگی زل کەڵبە سوورەکانی بەعس دا کە سەرباری کۆپتەری ئامادەی حاڵەتی ئیمێرجنسیی تێ تەقاندن نەیان دەزانی فریای کام لا زیاتر بکەوون! گوللە باران کردنی دەستە دەستە گەنجانی کورد، یا سوراغی شوێن ئەو نوخبە شەپۆلە ئاودز کردووانەی کە لە سەردانی ماڵە تینووەکاندا هەر جل زەیتوونییەکیان بکەوتایەتە سەر ڕێ لە چاو ترووکانێکدا لوولیان ئەدا بە حەوادا، ئێستاش لە قاییمیی چەرمی ڕووی دووان لەو زەیتوونی پۆشە زۆڵە کوردانەی گەڕەکی ئیسکان سەرم ئەسوڕمێت کە چۆن لە ناو ئاپۆڕەی (بە داوای لێ بووردنی زۆرەوە لە خوێنەری بەڕێز لە بەکار هێنانی ئەم ووشەیە) تف بارانی ئەهلی گەڕەکدا و بە دوو دەمانچەی یەدەگ بەتاڵ بووی خوێناویی یەوە لە بری سەد جار مردن تەنها ژێر زنجیری پانتۆڵەکەیان تەڕ کردبوو و بەس، بەڵێ لەو ئان و ساتانەی کە لە لایەك شۆفڵ و گرێدەرەکان خەریکی ماڵان ڕووخاندن و مەسوولەکان خەریکی زیاتر پڕ چەك کردنی ماڵە عەرەبە هاوردەکان و دەنگە زوڵاڵ و حەماسییەکەی کاکە فەرهاد سەنگاوییش - دوور لە ئێستا- نەك هەر وورەی برا تورکمانە بە ئەمەك و جیران مێژوو نشینە ئەسڵ زادەکانی ئەو کاتە بگرە باتریی کامێراکەی من و کاك مەحموودی فینۆسیشی داینەمۆ و شەحن ئەکردەوە، ئەمانە و ئیتر شتێك لە قامووسی ئەیووبیشدا نەما بە ناووی سەبرو هەر هێندەی مەودای نووسینی ئەم برینە قەتماغە هێشتا ئەرخەوانیی و باڵ پەپوولەییەم و لە هەردوو قۆڵی هەولێر و سلێمانییەوە، - چەك پۆیینت -، سەیتەرە شوومەکەی زیا لە نیو سەدە ئیهانە و سەر وێڵ کەری کوردی دەروازەی کەرکوك بە ڕێژنە ئاربیجی یەکی دەست لە نێو دەستی بەرق ئاسا تەخت و تاراجی وەك کۆشکەکانی - گەل - ی سەددام و حەرەمی سووری ئاریامێر و سینگی سیلاویی بۆمبدێن و جەمعێك خەونی چەپەڵی هندی تری وەك مونافیقینی خەلق.. بە جۆرێك چوون بە حەوادا مەگەر پێشتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

20-8-2007 16:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خۆڵ و چەوێڵی فاسیدی سەر گۆڕەکەی عەفلەق بوو بێ و حەزرەتی میکائییل (س. خ) بەو پەڕی تووڕەییەوە فووی بە ئەژدادی ئێسك و پرووسکەکەشیدا کردبێت،
- ((کەرکوك خۆت بگرە هاتین.. بەڵام چۆن هاتنێك؟!))
. ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
داماڵینی هەر گەل و نەتەوەیەکی سەر ئەم کەوکەبە لە سرووتی سەرکردەی کاریزمیی خۆی بە واتا بێ شوان کردنی ڕانە مەڕێك لە حزووری گەلە گورگی بەرژەوەندییە زۆر جار خەتەرناکەکانی سەر کەوکەبی ناوبراو، موختەسەر تر مەتڵەبی ئەم داماڵینە چوون پڕۆسیسی منداڵ لە داییك بونێکە و هێشتا وادەی نەهاتووە و کاتێکیش کە هات چوون ڕاپەڕینی ناوبراو هێز نیە بتوانێت ڕەتی بکاتەوە، ئەمەیان باسێك و کەرکوکی ڕاپەڕین پیرۆزی ئەوساش و ئێستاش ئەو سەرکردە کاریزمییەی زۆر پێویست بوو، هەڵبەتە زانیمان کە هەردوو جەنابی کاك مەسعوود و مام جەلال لە ناو وولات نەبوون و کەرکوکیش جگە لە کوردەکەی چیتر گەل و نەتەوەکانی تری ناوەوەو ئەترافی بە ناو و ڕووخساری سەرکردە ناسراوەکانی تری ئەودەم زۆر ئاشنا و بەڵەد نەبوون، ئەمەش وای لە هەرە زۆرینەی غەیرە کوردەکە کردبوو کە زۆر بە دەگمەن بگەنە ئەو قەناعەتەی لایەنی کەم درزێك بخەنە قاپیەکانیان و تاقە قولانجێك قۆناغی ئەودیو ڕمانی بەربەستە کۆنکرێتییە کابوسییەکە بە چاوی خۆیان ببینن، لەوەش گەڕێین کە زۆرێکیش هەبوون حەزیان بە دەست و کامێرا و بەرگ و تفەنگە کوردییەکانمان نەبوو، بیرۆکەی سەردانی کاك نێچیرەوان بارزانییش بۆ کەرکوك هی هەر کەس بوو بێت کارێك بوو پڕ بە پێستی ڕۆژ و سەعاتەکە، بە پەلە ئامبولانسێکیان بۆ مەیسەر کردم و ئەوەندەی جادە و کۆڵان فریا کەوتم لە ڕێگای سپیکەرە ستریۆکەیەوە بە بێ ناو بردنی کاك نێچیر بە عەرەبی و کوردیی و کچە هاوکارێکی بەڕێزی تورکمانیش وەك تەرجەمە ساز دووبارەو دە بارەم ئەکردەوە کە بەڕێز بارزانی وا لە کەرکوك و بەم زووانە قسە بۆ هەموو لایەکتان ئەکات، بۆ هەق بڵێم بەم بانگەوازە گەلێك دەرگا خرانە سەر پشت، کاتێکیش بۆ چەند جارێك کە ووتم:- بەڕێز مام جەلالییش بە ڕێگاوەیە بۆ دیداری دڵی کوردوستان، ئیتر بە بیستنی ناوی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی ڕێگا بۆ من و کاك مەحمود و کاك بابەجان خۆش بوو تاکوو لە نزیکەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێك لە شێخانی عەرەب ساز بدەین بە مەرجێك هێشتا کاك نێچیرەوان لە چەمچەماڵ و شەڕییش هێشتا لە ناو سەربازگەی خالیدا لەو پەڕی گەرمیدا بوو،
- ((کاك نێچیرەوان لە کەرکوك، من یەك پرسیار و بەڕێزیشیان یەك وەڵام، ، ڕاستتر بڵێم یەك هەقیقەتی موتڵەق!!))

**********************************************************************************************************

شوێن /:- بارەگای سەرەکیی سوتێنراوی کۆنی سوپای شەعبی، پێشتر بە شەڕێکی دۆزەخیانە گیرا / کەرکوك،
بۆنە /:- کۆبوونەوەیەکی گرنگی جەنابی کاك نێچیرەوان لەگەڵ فەرماندەکانی هێزەکانی پێشمەرگە،
کامێرا / مەحمود و، ماییك / نووسەری ئەم دێڕانە / نەوزاد شێردڵ، پرسیار و وەڵام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ن. ش:- کاک نێچیرەوانی بەڕێز وەك ئاشکرایە کە ووتەی - (کەرکوك دڵی کوردوستانە) - ووتە و ئاواتی هەرە باڵای ژەنەڕاڵ بارزانی نەمرە و تۆش ئەوەتا لە ناو ئەم دڵە ئازادەدا بە ئازادی دانیشتوویت، من وەك کادێرێکی بواری میدیۆلۆژی بەرەی کوردوستانیی خۆشبەختانە بۆ یەکەم جارە ئەم پرسیارەت ئاراستە ئەکەم، :- بەڕێزتان بەر لە هە ر شتێك وەك کوردێك و ئینجا وەك پێشمەرگەیەك و دواجارییش وەك کوڕەزای سەرۆك بارزانی نەمر
چیت پێیە بۆ ئەم ئازادییە بە کورتی پێمان بڵێیت تاکو تۆماری بکەین؟
کاك نێچیرەوان:- بێ گومان ئازادی شتێکی گرنگ و بەرز و بە نرخە بەڵام پاراستنی ئازادییەکە لە خوودی ئازادییەکە گرنگ ترە!!

... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

تێبینی / من لە کاتێکدا ئەم پرسیارەم ئاراستەی بەڕێزیان کرد، ئەوان پێشتر لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا بە دوور و درێژی تاوو توێی وەزعی کەرکوکیان لە ڕووی ئۆرگەناییزی سەربازییەوە کردبوو، بۆیە ووتەی (پاراستنی ئازادییەکە لە خوودی ئازادییەکە گرنگترە) لای من ئەو هەقیقەتە موتڵەقە بوو کە ئازاد کردنی کەرکوك بە بەرنامەیەکی پسپۆڕانە داڕێژرابوو بەڵام بەرنامەمان بۆ دواى خوودی ئازادییەکە نەبووە و ئێستاشی لە پاڵدا بێت نیمانە،

... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

دوو فڕۆکەی جەنگیی ئەمریکیی زۆر لەسەر خۆ بە سەر باوەگووڕ گووووڕدا ئەخولانەوە، بۆ سوعبەت بە کاك مەحموودم ووت:- ((ئەمریکا ئەڵێت چی لە کەرکوك ئەکەن بیکەن ماڵی خۆتانە، بەڵام دەستکاریی (تەتە) جوانەکەی من نەکەن ئەگینا عاجز ئەبم!!))
بە ڕاستی ئەمریکا وویستی زۆر شتمان بۆ بکات بەڵام نازانم بۆ وەك هەوڵەکەی بەریتانیای عوزمای زوو ئەمیشمان فەرامۆش کرد؟!

- باس بە دەمیەوەیە -
- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.